# 30 ساڵ زیندانی!



**سەرکەش / ئوپسال/ سوید**
a_sarkash@hotmail.com

**بۆ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان**

**بۆوەزارەتەکانی مافی مرۆڤی هەولێر، سلێمانی، بەغدا**

بەڕێزەکان
ئەمە دادگا و
دادپرسی
مۆدێرنی
سەردەمی ئینتەرنێت
سەردەمی بانگەشەی دیموکراسی
سەردەمی کۆمەڵگای شارستان
سەردەمی ئازادی ڕادەربڕین
سەردەمی ئازادی بیرکردنەوە
سەردەمی ئازادی قەڵەم نەبوو!

* * *

بەڕێزەکان
ئەمە دادگایەکی
سەیر وسەمەرە و
(عاجباتی ئاخری زەمانە!)
دادگایەکی
سەردەمی ئەتاتورک
سەردەمی ڕەزا شا
سەردەمی دیکتاتۆر سەددام بوو
سەری لە گۆڕخانەی
مێژوو دەرهێنابوو

*    *    *

بەڕێزەکان
ئەمە بیر و ئایدیا و
هزری باوک سالاری دلڕەقانەی
ستالیینی بوو
لەو دادگا کارتۆنییەدا
دەیگوڕڕاند
دەیشیڕاند
بۆ دەم کووتکردنی
هەموو جوولەیەکی ئازاد
هەموو فزەیەکی ئازاد
هەموو منگەیەکی ئازاد
هەموو ڕامانێکی سەرفرازانەی
شاراوەی
نێو پەڕەی دل
نێو خانۆچکەکانی مێشک

*    *    *

بەڕێزەکان
فرمانی 30 سال زیندان
بڕیاری
زیندان کردن نەبوو
تەنیا بۆ د. کەمال
ئەمە
هەڕەشە و
گوڕشە و
تۆقاندن و
ترساندن و
هەولی
جلەو کردن و
هەولی
دەستەمۆ کردنی

من و
تۆ و
هەموومان
هەر هەموو
دەنگە
ناڕازی و (نا) گۆکان بوو

*          *          *

بەڕێزەکان
ئەمە
تەنێ د. کەمال نەبوو
بەتاق و تەنیا
لەوێ
لەگرتووخانەی دادگا
لە دادگای گرتووخانە
لەپشت دەرگا ئاسنینە
کۆلۆمدراوەکان
لەپشت پەردە
تاریکەدادراوەکان
دوور لەچاوی
گەش ومیهرەبانی
کامێرا
دوور لە هەست و
نەستی مرۆدۆستانەی
مێدیا
وەک کۆیلەکانی
ڕۆما
لەقەفەسی تاوان
ڕاگیرابوو
ئەمە
من بووم
ئەمە
تۆ بووی

ئەمە
هەر
هەمووومان بووین
ئەمە
هەموو
کەسە بێ لایەنەکان بوون
هەموو
د.کەمالەکان بوون
هەموو
تێنووانی
هەناسەی ئازاد
هەموو
تامەزرۆیانی
دادگایەکی ئازاد بوون
بڕیاری 30 سال زیندانیان بەسەرابڕا !!
25-12-2005